کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-6-2007 18:21

## کێشەی فەلسەفە وەک بەشێکی زانکۆیی (نامەیەک بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) ... کاوە جەلال

دامەزراندنی بەشێکی فەلسەفە لەنێو کۆلێژێکی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پێویستە وەك کردارێکی ئاگامەند سەبارەت بەو هەقیقەتە ببینری، کە تاکە زانستەکان، وەك بەشی پسپۆریی زانکۆیی، پێویستییان بە بناغەڕشتنی مێتۆدی هەیە، ئەمەش بێگومان تەنها زانستە هۆشەکییەکانی وەك مێژوو و کۆمەڵناسی و هتد ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها زانستە سروشتییەکانی وەك فیزیك و کیمیا، پزیشکی و سایکۆلۆژی، دەگرێتەوە؛ بەڵی تەنانەت بەشە تەکنۆلۆژییەکانیش دەتوانن پەیوەست بە گۆڕاندان بە مێتۆدی گونجاوی لێکۆڵینەوە و کارکردنی پراکتیکیەوە خودی خۆیان بە یاریدەی فەلسەفە بپشکنن.
بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کارە بەگەڕ بخری، ئەوا پێویستە خوازیارانی فەلسەفاندن بۆ خوێندنی فەلسەفەی زانکۆیی ببرێنەوە، چونکە فەلسەفاندن لە راهێنانی هزرییەوە شکۆفە دەکات، ئەمەیش خوێندکارێکی دەوی، کە بزانی، فەلسەفە هەر لە یەکەمین هەنگاوەکانی پێوەخەریکبونەوە هەڵوەشێنەری هزری خۆییە، رێکخەری تێڕوانین و بەهێزکردنی راهێنەرانەی زەینە: زەین وەك تاکە توانست لە ئەنجامدانی کاری فەلسەفیدا. هەر لێرەوەیە کە سەرجەم شێوازی خوێندنی خوێندنگەیی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە و بەشە زانستییەکانی زانکۆ بەو هەقیقەتە دەناسێنرێن، کە ئەوان لەنێو ترادیسیۆنی دەرخکردن و دەرخپێکردندا نقوم بوون و لەبەر ئەم هۆیەش زۆر کەم مۆرکی زانستی لە خۆ دەگرن.
بەڵام ئامانجێکی بەم چەشنە کاتێك بە گونجاوی بەدیدەهێنری، گەر نەك تەنها دامەزراوە زانستییەکەی فەلسەفە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگری، بەڵکو سەرۆکایەتی زانکۆ و بەتایبەتیش وەزارەتی خوێندنی باڵا پێوری تایبەتیی بۆ تەرخان بکەن. بەبی هاوکاری نێویەکییانەی ئەم سی لایەنە ناتوانری ئەم مەبەستە سەرەکییەی دیراسەی فەلسەفە لە زانکۆدا بەتەواوی بەدیبهێنری.
بەڵام لە وڵاتێکی وەك ئێراقدا، یان پەیوەست بە کێشەکەمانەوە، لە هەرێمی کوردستاندا، کە بە پراکسیس کار بە "قبوڵ مەرکەزی" دەکری، ئەو ئەرکە بەتایبەتی دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە دامەزرێنەری "ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران"ـە. بەڵام کێشەی ئەم ناوەندەی وەرگرتنی خوێنکاران بۆ خوێندنی زانکۆیی لەوەدایە، کە پێزانینێکی سەبارەت بە ئاست و خۆداواکارییەکەی فەلسەفە نییە، چونکە نەك تەنها رەچاوی ئەوە ناکات کە ئەو کەسانەی بۆ خوێندنی فەلسەفە دادەنرێن دەبی شارەزایی سەرەتاییان لە فەلسەفەدا هەبی، بەڵکو هەروەها دەبی لەنێو هەرە نمرە بەرزەکانەوە، بەتایبەتی لە فیزیك و ماتماتیکدا، خوێندکاران بۆ ئەم بەشە هەڵببژێررین.
بەڵام ئەم هەقیقەتە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هیچ شێوەیەك رەچاو ناکری!
بەشی فەلسەفەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە لە رانیە تاکە دامەزراوێکی فەلسەفی-زانستییە لە هەرێمی کوردستاندا، کە تێیدا ساڵی ئاییندە قۆناغی سێیەمی فێرکاریی ئاڕاستە دەدری. لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا (2005/6) ، کە وەرگرتنی خوێندکاران لە ئەستۆی بەش خۆیدا بوو، بیستوهەشت خوێندکار وەرگیران. ئەم ساڵ، کە ئەو خوێندکارانە لە قۆناغی دووەمدان، خراونەتە دۆخی نووسینی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییەوە، لێرەشدا برێکی لێکۆڵینەوەکان بە پوختییەکی ئەتۆ نووسراون، کە لە هەر گۆڤارێکی هزری یان زانستیدا شایانی بڵاوکردنەوەن.
بەڵام کێشەی بەشی فەلسەفە لە ساڵی دووەمیدا بەهۆی دابەشکردنەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پەرەی سەند. ئەو بەڕێزانەی وەزارەت چلوحەوت خوێندکاریان بۆ بەشی فەلسەفە نارد، کە دوازدەیان زوو بەشەکەی خۆیانیان گۆڕی. کێشەی سەرجەم خوێندکارە نوێکان لەوەدا بوو، کە نەك تەنها یەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاکە کەسیان نەیویستبوو فەلسەفە بخوێنی، بەڵکو هەر نەی زانیبوو فەلسەفە چییە! لەبەر ئەوەی کارکردنی فەلسەفی هەمیشە راهێنانی هزرییە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو خوێندکارە نێردراوانە کەمترین ئاگامەندییان دەربارەی چالاکییەکانی هزر نییە، ئەوا زۆرینەیان دەرەقەت نایەن. بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم بەدحاڵەتە بەرپرسیارە. ئەو لە دانانی لیستی نمرە تێکڕاییەکاندا بەشی فەلسەفەی تەنانەت لەژێر بەشی مێژوو و جیۆگرافیاوە داناوە!! بەڵام ئەو دەبوو و پێویستە بەتایبەتی لە حاڵەتی بەشی فەلسەفەدا رەچاوی خواستی خۆیی خوێندکار بکات یان لایەنی کەم بەشی فەلسەفە لە بەشی سەرەوەی "پلە زانستییەکاندا دابنی". بێگومان راستە کە ئەمە کێشەیەکی کرۆکییە و تەنها بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا ناگەڕێتەوە (گەرچی ئەو دەبوو بۆ رێگەچارەی نوی بگەڕی) ، بەڵکو لەو ئەقڵییەتەوە هاتۆتە ئاراوە، کە زانستەکان لای کوردەکان لە دەرەوە پۆلێن و پێناسە دەکرێن، هەر لێرەشەوە منداڵان لە سەرەتاوە رادەهێنرێن، کە خواستی خۆییان لە هەڵبژاردنی بەشێکی زانستیدا نەبی، بەڵکو لە پێناوی سەندنی پرێستیژی (هەیمەنە) کۆمەڵایەتیدا هەوڵ بۆ وەرگرتن بەتایبەتی لە بەشەکانی هەندەسە و پزیشکی، یان لایەنی کەم لە بەشە بە مامناوەندی دانراوەکانی "ئاداب"دا، بدەن. بەڵام هەر لێرەوەیە کە کارکردنی زانستی وشکهەڵهێنراوە و بەشە زانستییەکانی زانکۆکان شیمانەی بەرەوپێشچوونیان "زۆر کەمە". نزیکەی هەموویان (با دەگمەنە مامۆستایانی مۆدێرن وەلاوە بنێین، چونکە کێشیان لێرەدا زۆر کەمە) رەچاوی دەرخپێکردنی مەلزەمەکان و دەگمەنە نووسراوەکان دەکەن، بۆیە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کە بەدەگمەن ئەندازیار یان پزیشکی باش پێدەگەن. رەنگە هەڵە نەبی گەر بڵێین، کە رۆژ نییە لە نەخۆشخانەکانی ئەم وڵاتەدا "هەڵەی کوشندەی پزیشکییانە" روو نەدات، ئەمەش بێگومان لە نەزانییەوە یان لە نەبوونی هەستی بەرپرسیارییەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا لەنێو چەند "کێشەیەك"داین کە فەلسەفە دەمێکە وەك چەند کایەیەکی خۆی گرتوونی: "ئێتیکی پزیشکی"، هەروەها "مێتۆدی فێرکاری"، "مێتۆدی فێربوون" و هتد. کی باوەڕ بکات "رێبازی لێکۆڵینەوە" برێتی بی لە مێتۆدی لێکۆڵینەوە و کارکردنی زانستی، ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەوە تەنها تەکنیکە بۆ دارشتن، بەڵام مێتۆد بە پێچەوانەوە رێگە هزرینێکە کە سەرەتا سەبژێکتیڤییانە (بە شێوەیەکی بکەریانەی زانستی) دابین دەکری و هەر ئەم ڕێگەبڕینەشە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە شێوەیەکی ناچارکەرانە بەسەر بەش و بڕگەدا دابەش دەکات. ئەم کێشەیە، کە هینی سەرجەم بەشە زانستییەکانی زانکۆکانە، تەنها لە فەلسەفەدا چارەسەر دەکری، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا کێشێکی تایبەتی لەنێو سەرجەم بەشەکاندا بۆ بەشی فەلسەفە دابنی. ئایا ئەوە یەکێك لە ئەرکە کرۆکییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە، کە پلانی زانستی دابنی، بۆ ئەوەی بەشە زانستییە زانکۆییەکان بە ئامانجی پێگەیاندنی "زانا"ی نوێوە لە گشت بوارە هزری و کۆمەڵایەتی و زانستی-سروشتی و تەکنۆلۆژییەکاندا کارەکانیان ئاڕاستە بدەن؟.

ماموستای فەلسفە لە بەشی فەلسفەی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی رانیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.